


# محەمەد سەعید:

# بە هۆی کەمتەرخەمی و گەندەڵی دەستم لەکار کێشایەوە

**کوردستان بەگشتی وشاری سلێمانی بە تایبەتی چەندین وەرزشکاری بە توانای تێدابووە کە بە مێژووی ژیانیان خزمەتی بواری وەرزشیان کردووە وناوی خۆیان لە مێژوو تۆمار کردووە، مامۆستا حەمە سەعید یەکێکە لە وەرزشکارە دێرینەکانی شاری سلێمانی کە خزمەتێکی تەواوی وەرزشی ئەو شارەی کردووە وەکو یاریزان وڕاهێنەر وناوبژیوان ودەستەی کارگێڕی وچەندین وەرزشکاری بۆ ئەمشارە پێگەیاندووە ئێمە لەکاتی سەردانمان بۆ شاری سلێمانی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا ئەنجامدا...**

*** لە سەرەتایی وەرزشیمەوە تا ئەمڕۆش بێ بەرامبەر کارم کردووە..**

کوردستان بەگشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی چەندین وەرزشکاری بە توانای تێدایە کە بە مێژووی ژیانیان خزمەتی بواری وەرزشیان کردووە و ناوی خۆیان لە مێژوو تۆمار کردووە، مامۆستا حەمە سەعید یەکێکە لە وەرزشکارە دێرینەکانی شاری سلێمانی کە خزمەتێکی تەواوی وەرزشی ئەو شارەی کردووە وەکو یاریزان و ڕاهێنەر و ناوبژیوان و دەستەی کارگێڕی و چەندین وەرزشکاری بۆ ئەمشارە پێگەیاندووە. ئێمە لەکاتی سەردانمان بۆ شاری سلێمانی ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا ئەنجامدا...


*** دەکرێ خۆت بە جەماوەری وەرزشی کوردستان بناسێنیت؟**

- ناوم (محەمەد سەعید محەمەد نادر)ە، ناسراوم بە مامۆستا حەمە سەعید نادر و لەساڵی ١٩٤٣ لەگەڕەکی قەزازەکانی شاری سلێمانی لەدایکبوومە و خوێندنی سەرەتاییم لە قوتابخانەی فەیسەڵی کوڕان تەواو کرد و قۆناغی ناوەندیم لە ئامادەیی سلێمانی تەواو کردووە و لەساڵی ١٩٦٠ چوومە خانەی مامۆستایانی سلێمانی و لەساڵی ١٩٦٣ وەکو مامۆستای وەرزش تەواوم کرد و دواتر چوومە یەکێك لەقوتابخانە پیرۆزەکانی شاری هەولێر و ماوەی (٣٨) ساڵ لە قوتابخانەی شێخ مەحمودی نەمر بووم.

*** دەستپێکی وەرزشیت چۆن بوو؟**

-وەکو هەموو مناڵێك سەرەتا لە گەڕەکی خۆمان تیپێکی باڵە و فوتبۆلێنمان دروستکرد و پاشان چوومە تیپی ئاسۆی میللی کە زۆربەی یاریزانەکانی لە یانەی سلێمانی یاری دەکرد و یانەی سلێمانی چەند تیپێکی میللی هەبوو وەکو (ئاکۆ – خەبات – برسیم- ئەزمەر- ئاسۆ) لە (١٩٦١/١٠/٣) بە فەرمی بوومە ئەندامی تیپی تۆپی پێی سلێمانی وەکو یاریزان و لەبەر بواری ناهەمواری خێزان






له ساڵی ١٩٦٦ ماوەیەك دابڕام و ساڵی ١٩٧٠ یانەی سیروان کرایەوە برادەران داوایان لێکردم بچمە ئەو یانەیە و پێوەندیم پێوە کردن ئەندامی دەستەی کارگێڕی و ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێ و لەو یانەیە لە یارییەکی یەکلاکەرەوە لە یانەی سلێمانیمان بردەوە، بەڵام بەداخەوە چوونە بەغدا هەردوو یانەی سلێمانی و سیروانیان کردە یەك یانە بەناوی سلێمانی و ماوەی ٣٤ ساڵ ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی سلێمانیم وەکو سکرتێر بەبێ هیچ بەرامبەرێك کارەکانم ئەنجام دەدەم و نایکەم بە منەتیش بەسەر هیچ کەسێکەوە، ئەمەش ئارەزوو خواستی خۆمە.

*** بۆ لە نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆڵۆمپی سلێمانی بەردەوام نەبوویت؟**

- لە ڕێگەی هەڵبژاردن بووم بە سکرتێری نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆڵۆمپی سلێمانی، بەڵام لەبەر بینینی کەموکوڕی و گیروگرفت و کەمتەرخەمی و گەندڵی، دەستم لەو کارە کێشایەوە و تا ئێستا وەرزشم بە پارە نەکردووە، بۆیە ئەو کارەم بەجێهێشت.

*** چۆن سەیری وەرزشی ئێستا و پێشوو دەکەی؟**

-وەکو وەرزشکارێکی دێرین کە خۆم یارییم کردووە لە ساڵانی حەفتاکان وەرزش زۆر لە ئێستا باشتر بووە، چونکە ئەو کات خەڵك بە ڕوحێکی خۆنەویستەوە و بەبێ هیچ بەرامبەرێك و بەپارەی خۆمان خزمەتمان دەکرد بەجل و بەرگ و پێڵاوی خۆمانەوە ئەنجامی یارییەکان لە ئێستا زۆر باشتر بوو ئەوەش لە بیر نەکەین ئەوکات ڕێزگرتن لە نێوان یاریزانەکان باشتر بوو.

*** هۆکاری چیبوو ڕووت لە بواری ناوبژیوانی کرد؟**

- هەندێ گیروگرفت لە یاری تۆپی پێ هەبوو پێم باش بوو وەکو وەرزشکارێك ئاشنا بەیاری تۆپی پێ بچمە بواری ناوبژیوانی لەساڵی ١٩٧٢ لەشاری موسڵ لەژێر سەرپەرشتی بەڕێز غەنی جبوری بە پلەی نایاب دەرچووم و تا ساڵی ١٩٩٣ بەردەوام بووم، زۆربەی یارییەکانی پارێزگاکانی کوردستان و باکوورم بەڕێوە دەبرد لە پلە یەکەکان و جامی عێراق و پلە دووەکان.

*** جار و بار گلەیی و گازاندە لەبەرپرسانی وەرزشی سلێمانی دەکرێ؟**

- وەرزشی سلێمانی لەگەڵ هەموو ڕێزێکدا بەرپرسەکانی ئێمە لە وەرزش نزیك نیین لەبەر ئەوەی سەرقاڵی کاری خۆیان حزبایەتین و بواریان نییە لە کێشە و گرفتەکانی وەرزشکاران و یانەکان بکۆڵنەوە. یانەکانی سلێمانی و پێشمەرگە و نەورۆز و سیروانی نوێ چەندین جار سەردانی بەرپرسانمان کردووە و پەنامان بۆ بردوون بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن و کەموکوڕییەکانمان خستۆتە بەرچاویان و بەڵێنیان پێداوین کە کارمان بۆ بکەن، بەداخەوە بەپێی پێویست نەبوو.

*** ئەی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان؟**

- ئەوەندەی من بزانم کارەکانیان نیمچە سەرکەوتووە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەندامەکانیان بەدانان دانراون و تا ئێستا من نەبینووە یەکێك لە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی سەردانی پارێزگای سلێمانی بکات و بێتە یانەکان و لەکێشەکانیان بکۆڵێتەوە و بیکا بە ڕاپۆرتێك لە کۆبوونەوەکان باسی لێوە بکات، ئەمەش یەکێکە لە گلەییەکانی یانەکانی و وەرزشکارانی شاری سلێمانی. ئەندامەکان وەکو سەردان دێن، بەڵام بەشێوەی فەرمی نییە.

*** وەکو ناوبژیوانێکی دێرینی کوردستان ئاستی ناوبژیوانان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- ڕەشبینم بە هەندێك لە ناوبژیوانان، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەکۆمەڵێکیش گەشبینم ئەوانەی ئێستا بەشداری لە یارییەکانی خولی عێراق دەکەن سەلماندوویانە کە ناوبژیوانانی کوردیش هیچیان لە ناوبژیوانانی عێراق کەمتر نیین و باشی ئەمانەش بۆ یەکێتی ناوەندی تۆپی پێ لە کوردستان دەگەڕێتەوە، لیژنەی ناوبژیوانان گرنگیەکی زۆریان پێدادات و خولیان لە دەرەوە و ناوەخۆ بۆ دەکاتەوە و جلوبەرگیان بۆ دابین دەکات. دانانی سەرپەرشتیار بۆ یارییەکان وا دەکات ناوبژیوان خۆی ماندوو بکات و گرنگی بەکارەکانیان بدەن. ئەمانەش دەبنە هۆکار بۆ پێشخستنی ناوبژیوان و دەستخۆشی لە یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان و لیژنەی ناوبژیوانان دەکەم کە بەئەرك و ماندووبوونی خۆیان توانیویانە هاوکاری ناوبژیوانان بکەن، هیوادارم هەوڵیش بدەن بۆ وەرگرتنی بروانامەی نێودەوڵەتی بۆ ناوبژیوانان.

*** بەچی نیگەران دەبیت؟**

-زۆر بەوە نیگەران دەبم کە یارییەکانی خولی کوردستان جەماوەری زۆر کەمە و کەمبوونەوەی ئەوەش هۆکارە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە زۆر گرنگی نەدراوە بە خزمەتکردنی یانەکان و یاریزانەکان، هەر چەندە زۆربەی یاریزانەکان مووچەیان هەیە، ئێمە وەکو یانەی سلێمانی ئەو بودجەیەی لە لیژنەی ئۆڵۆمپی و حکومەت وەریدەگرین دابینی مووچەی مانگانەی یاریزانانی تیپی فوتبۆڵ ناکات، جێگەی دەستخۆشیە تیپی کوردستان کە سێجار بەشداری جامی فیفایان کردووە. یاریزانەکان تێکەڵن و ڕاهێنەرەکان خاوەن ئەزموونن و بەپێی توانا دەستنیشانیان دەکەن.

*** دوا وتەت؟**

- هیوادارم لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان لەمەودوا سەردانی یانەکان بکات و هاوکاریان بکەن و لە کێشەکانیان بکۆڵنەوە و بە ڕاپۆرت بە بەڕێز سەرۆکی حکومەت ڕابگەینن بۆ ئەوەی لەم قەیرانە ئابووریە ڕزگارمان بێت و سوپاسی ستافی هەفتەنامەی گۆڵان دەکەم کە لەشاری قەڵامناره هاتوون وەرزشی سلێمانی بەسەر دەکەنەوە.





# کێ دەبێتە باشترین یاریزانی ئەوروپا لە وەرزی ٢٠٠٩-٢٠١٠؟

وا بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممە **٢٦**ی ئاب لە شاری مۆناکۆ باشترین یاریزانی ئەوروپا دەستنیشان بکرێت، بۆ ئەم مەبستە ١٢ یاریزان بۆ ئەم نازناوە پاڵێوراون، لە هەمان ڕۆژدا تیروپشکی یارییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ئەنجام دەدرێت، یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا بانگهێشتی ١٦ ڕاهێنەری ئەو یانانە کردووە کە توانیان لە وەرزی ڕابردوو بگەنە قۆناغی ١٦ی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و هەروەها باشترین گۆڵچی و باشترین یاریزانی هێڵی بەرگری و باشترین یاریزانی هێڵی ناوەڕاست و باشترین یاریزانی هێڵی هێرشبەر و باشترین یاریزان دەستنیشان دەکرێت، لەم ١٢ یاریزانە (٥) یاریزان لە یانەی ئەنتەر میلان یاری دەکات، ئەویش هەریەکە لە یاریزانان ( ویسلی شنایدر، دیگۆ میلتۆ، مایکۆن، لۆسیۆ، گۆڵچی خۆلیۆ سیزار) و ٤ یاریزان لە یانەی بەرشلۆنە یاری دەکەن ئەویش هەریەکە لە (ڤیکتۆر ڤاڵدێز، جیرارد بیکیە، زاڤی، میسی) ئەمەش خشتەی یاریزانەکانە.

### گۆڵچیە پاڵێوراوەکان

خۆلیۆ سیزار(ئەنتەر میلان)، ڤیکتۆر ڤاڵدێز(بەرشلۆنە)، هۆگۆ لۆرێس (لیۆن).

### هێڵی بەرگری

لۆسیۆ (ئەنتەر میلان)، مایکۆن (ئەنتەر میلان)، جیرارد بیکیە (بەرشلۆنە).

### هێڵی ناوەڕاست

زاڤی (بەرشلۆنە)، ئەرین ڕۆبن (بایرن میونیخ)، شنایدر (ئەنتەر میلان).

### هێڵی هێرشبەر

لیونێل میسی (بەرشلۆنە)، دیگۆ میلیتۆ (ئەرژەنتین)، واین ڕۆنی (مانچستەر یۆنایتد).



# جیفرین:
# له بارشا شوێنی خۆم هەیە



یاریزان جیفیرین سوارێز هێرشبەری یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی دەڵێ من متمانەی ئەوەم بەخۆم هەیە کە بەڕێوەبەری هونەری یانەکەمان جوسیبی گواردیۆلا یارییم پێ بکات سەرەڕای ئەوەی یانەی کەتالۆنی چەندین یاریزانی هێرشبەری بەناوبانگی تێدایە .

## وەرزی دووەم لە کەتالۆنیا

وەرزی ٢٠١٠-٢٠١١ دەبێتە دووەمین وەرز لە یانەی بارشا لە تیپی یەکەم و یاریزانی دوورگەی کەناری خۆشحاڵی خۆی دەبڕی کە هەڵی تەواوی خۆی لەو یانەیە لە وەرزی رابردوو وەرگرت و چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد.

## رووبەڕووبوونەوەیەکی قورس

یاریزانی لاوی کەتالۆنی سوارێز رووبەڕووبوونەوەیەکی قورس چاوەڕوانی دەکات ئەویش بەهۆی بوونی زۆری یاریزانی هێرشبەری بەناوبانگ، بەڕاستی کارێکی زۆر قورس دەبێ بۆ سوارێز دوای پەیوەندی کردنی یاریزان دێڤید ڤییا، سوارێز دەڵێ بڕوام بەخۆم هەیە کە دەتوانم خۆم جێگیر بکەم.

## هەلی باش پێش وەرزی نوێ

سوارێز دەڵێ دەبێ کاتی خۆ ئامادەکردنی یانەی کەتالۆنی بۆ ئەم وەرزیە هەڵبقۆزمەوە بۆ ئەوەی بتوانم بە تەواوی متمانەی راهێنەر و جەماوەر بۆم خۆم مسۆگەر بکەم و دەڵێ راهێنەر ناچاری بکەم متمانەم پێ بکات.

## لاوەکان

دوای هاتنی گواردیۆلا بۆ یانەی بەرشلۆنە وا دیارە گرنگییەکی بێ وێنە بە یاریزانە لاوەکان دەدات و متمانەیەکی تەواوی پێیان هەیە و سوارێزیش ئەم راستییەی ئاشکرا کرد و گوتی زیرەکی ئەم راهێنەرە لەوە بەدی کرا کە لە گەڵ هاتنی گرنگییەکی زۆری بە یاریزانە لاوەکان دا بۆیە هەستمان بەوە کرد کە مافەکانمان بە فیرۆ ناچێت و دەگەینە ئاستێکی بەرز.

## پیدرۆ

سەبارەت بە یاریزانی لاو پیدرۆ رۆدریگیز سوارێز گوتی: ئەم یاریزانە یەکێکە لە یاریزانە هەرە بە تواناکانی بارشایە پارساڵ ئاستێکی بەرزی نیشاندا کە ئەمە دەبێتە رابردوو، گرنگ لای ئێمە ئەوەیە دەبێ ئەم یاریزانە لە وەرزی ئەمساڵ هەمان ئاست بەڵکو باشتر نیشان بدات و جێگەی خۆی لە دڵی جەماوەر بکاتەوە.

## سۆزی دڵشاد یاریزانی پایسکل سواری یانەی نەورۆز

# متمانەم بەخۆم هەیە لە پاڵەوانیەتیەکانی دەرەوە مەدالیای ئاڵتون بە دەست بێنم

**لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی شاری سلێمانییە، یەکێکە لە یاریزانە بە تواناکانی یاری پایسکل لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان چەندین مەدالیای بەدەستهێناوە، ئێستاش یاریزانی یانەی نەورۆز و هەڵبژاردەی عێراقە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد، ئەویش بەمشێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** ئاستی یاری پایسکل سواری کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستێکی باشی هەیە بە تایبەتی یانەی نەورۆز گرنگییەکی زۆر بە یاریزانەکان دەدەن.

***بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت باشە بۆ بەرەو پێشچوونی ئەم یارییە؟**

- هاوکارییەکی باشی یاریزانانەکان بکرێت لەلایەن بەرپرسان بۆ ئەوەی کچان زیاتر روو لەم یارییە بکەن، بە کچانیش دەڵێم یاری پایسکل سواری خۆشترین یارییە بۆ کچان تا زووە وەرنە نێو ئەم یارییە.

*** کێشە و گرفتان چییە لەم یارییە؟**

- هیچ کێشەکمان نییە.

***رات چییە بەرامبەر کردنەوەی قوتابخانەیەکی پێگەیاندنی یاریزانانی پاسکیل سواری لە کوردستان؟**

- کارێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی کچان بێنە نێو ئەم یارییە، چونکە یارییەکی خۆشە هەر چەندە بۆ کچان مەترسی دارە.

*** دەستەی کارگێڕی یانەی نەورۆز چۆن هاوکاریتان دەکەن؟**

- بەڕاستی ماندوبوونی ئەوان و هاوکاریکردنیان ئێمەی گەیاندۆتە لووتکەی کوردستان و عێراق، ئەگەر پشتگیری ئەوان نەبێت، ئێمە نەدەگەیشتنیە ئەو رۆژە.

*** ئایا بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کرای؟**

- بەهۆی ئاست بەرزیم بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق کراوم.

***پەیامت چییە بۆ ئەو خێزانانەی، کە رێگری لە کچەکانیان دەکەن لە وەرزش کردنیان؟**

- هیوادارم ئەو خێزانانە بە خۆیان دابچنەوە و نەبنە رێگر لەبەردەم کچەکانیان، بە پێچەوانەوە هاوکاریان بکەن بۆ هاتنە نێو دنیای وەرزش و خێزانەکانی ئێمە زۆر هاوکاریمان دەکەن.

***خوێندن رێگریت لێ ناکات بۆ وەرزش کردنت؟**

- نەخێر، چونکە کاتەکانی خۆم دابەشکردەوە بۆ وەرزش و خوێندن

***هیوا و ئاواتت وەکو کچە یاریزانێك چییە؟**

- هیوادرام بتوانم لە پاڵەوانیەتیەکانی دەرەوە ئەنجامێکی بەرچاو بە دەست بهێنم، متامەنەشم بە خۆم هەیە مەدالیایەکی ئاڵتون بۆخۆم بەدەست بهێنم.

***جگە لە پاسکیل چ یارییەکی تر ئەنجام دەدەی؟**

- راکردن و مەلەوانی دەکەم، لەم یارییەش سەرکەوتووم لەگەڵ یانەکەم.

***ئەگەر یانەیەك داوات لێبکات، ریزی یانەی نەورۆز جێ دەهێڵێت؟**

- هەرگیز بیرم لە جێهێشتنی یانەی نەورۆز نەکردۆتەوە، چونکە لەم یانەیە فێری وەرزش بووم.



# ئاست نزمی یاری جمناستیک لە کوردستان بۆ چ دەگەڕێتەوە؟

**لە شاری سلێمانی پاڵەوانیەتی جمناستیکی یانەکانی کوردستان بۆ کوڕان و کچان لە هۆڵی ناوەندی ئارارات بەڕێوەچوو ٩ یانە تیایدا بەشداربوون، ئەوەی جێگەی داخ بوو ئاستی جمناستیکی کوردستان زۆر نزم بوو، هیچ پێداویستییەکی تێدا بەدی نەدەکرا و کەمتەرخەمیەکی زۆر هەیە، کێ بەرپرسە لە دابەزینی ئاستی یاری جمناستیکی کوردستان و بۆ بایەخ بەم یارییە نادرێت شانبەشانی یارییەکانی تر، هەرچەندە لەم یارییە دەتواندرێت ئەنجامی زۆر باش بەدەستبهێنرێت لە پاڵەوانیەتیەکان. بۆیە بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە راپۆرتێك لەسەر ئەم باسە ئەنجام بدەین.**

سەرەتا **د.سەعدوڵڵا عەباس جێگری سەرۆکی یەکێتی جمناستیکی کوردستان سەبارەت بە ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان وتی:** بەداخەوە رێژەی یانە بەشداربووەکان لەم پاڵەوانیەتیە وەکو پێویست نەبوو، ئەویش بەهۆی نەبوونی داهات و گلەیی لە یانەکان دەکەم، چونکە پشکی شێری داهاتەکەیان بە چالاکییەکانی تۆپی پێ داوە. **سەبارەت بە شوێنی ئەنجامدانی پاڵەوانیەتیەکە بەڕێزیان وتی:** بەڕاستی ئەم هۆڵە بەهیچ شێوەیەك بۆ ئەم یارییە ناگونجێت، رووناکی و ساردەکەرەوەی تێدا نییە و ژووری نییە بۆ ئەوەی یاریزانە بەشداربووەکان خۆیانی تێیدا بگۆڕن، ئێمە چەندین کێشەمان هەیە و چەندین جار بە فەرمی نووسراومان بۆ بەرپرسانی وەرزش لە وەزارەت و لیژنەی ئۆلۆمپی بەرزکردۆتەوە، بەڵام هیچ وەڵامیان نەبووە. ئەوەتا هەردوو یانەی قەڵا و ئارارات، کە بەهێزترین دوو یانەی کوردستانن لەبەر نەبوونی پارە بەشداریان لەم پاڵەوانیەتیە نەکرد، لە کۆتاییدا د.سەعدوڵڵا عەباس وتی: کێشەی هەرە گەورەی ئێمە نەبوونی کەلوپەل و پێداویستییەکانی جمناستیکە، گەر هاتوو و بۆمان دابین بکرێ ئەوە رۆژێکی پڕشنگدار چاوەڕوانی ئەم یارییە دەکات.

دواتر رووی پرسیارمان ئاراستەی **میهربان ئەحمەد کەریم ناوبژیوانی نێودەوڵەتی کردو وتی:** ئەوەی راستی بێت یانەکانی کەرکوك زۆر بایەخ بەم یارییە دەدەن و تا رادەییەك یانەکانی سلێمانی، بەڵام یانەکانی هەولێر بایەخ بەم یارییە نادەن، لەم هەمان کاتدا لە کوردستان راهێنەری تایبەت بەم یارییە زۆر کەمە و زۆربەی راهێنەرەکان ئەکادیمی نینە و هەروەها نەبوونی هۆڵی تایبەت بەم یارییە ئەمە کێشەیەکی زۆر گەورەیە. بەڕاستی ئەم یارییە کێشەی یەکجار زۆرە، دەبێت خێزان رێگە بە کچەکانیان بدەن بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری لەم یارییە بکەن، چونکە ئێمە زۆر لەگەڵیان ماندوو دەبین لە کاتی راهێنان،



دواتر خێزانەکانیان رێگەیان نادەن بەشداری لە پاڵەوانیەتیەکە بکەن. لە کۆتاییدا میهرەبان ئەحمەد وتی: هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوێك بەم یارییە بخشێنتەوە و پێداویستییەکانی بۆ دابین بکات و هۆڵی شیاو دروست بکات.

دواتر **تەلار بیلال ناوبژیوان و قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی وتی:** ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان زۆر نزمە، ئەمەش بۆ نەبوونی راهێنەری ئەکادیمی و نەبوونی کەلوپەلی تایبەت و شیاو بەم یارییە و نەبوونی هۆڵی گونجاو دەگەڕێتەوە، ئەمانە هۆکاری سەرەکی دابەزینی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان، دەبێت لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان زیاتر بایەخ بەم یارییە بدات بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە پێش بکەوێت، بۆ پێشکەوتنی یاری جمناستیك پێویست بە پاڵپشتی ماددی دەکات و هەروەها دابینکردنی پێداویستییەکانی ئەم یارییە لە هەموو روویەکەوە.

لە کۆتاییدا **شیرین ئەحمەد یاریزانی یانەی نورى شاری کەرکوك وتی:** ئەم یارییە زۆر خۆشە، بەڵام بۆ ئێمەی کچان هەندێك ئەستەمە، چونکە کۆمەڵگەکەمان کەمێك داخراوە بۆ وەرزش کردن، بەش بەحاڵی خۆم رێگریم لێ نەکراوە لەلایەن خانەوادەکەم، بەڵام ئەوەی پێوستە بەرپرسانی وەرزشی و خێزانەکان زیاتر هانی منداڵەکانیان بدەن بۆ ئەوەی بێنە نێو یاری جمناستیك، تا رادەیەك ئاستی یاری جمناستیك باشە، بەڵام نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە بەرزە کە حەزمان لێبێت، هۆکارەکەش بۆ نەبوونی کەلوپەل و هۆڵێکی تایبەت بەم یارییە لە کوردستان دەگەڕێتەوە، بۆیە داواکارم ئەم پێداویستیانە دابین بکەن بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان زیاتر پێش بکەوێت.